Signature Not Verified
Kurdistan Net
Digitally signed by Kurdistan Net
DN: cn=Kurdistan Net, o=www.kurdistannet.org, c=NL
Date: 2002.07.13 02:04:35 + 01'00'

کەمپینی هەڵەبجە و ئەنفال وەك دیاردەیەکی سەربەخۆی جەماوەری لەسەرەتای ساڵی ٢٠٠٢ و بەهیمەتی کۆمەڵێك لە هەڵسووڕاوانی دڵسۆزو بەتەنگەوە هاتوو لە دژی جینۆسایدی گەلی کورد دەرکەوت و لێبڕاوانە هاتە مەیدان، بەمەبەستی یەکخستنی تواناکان بەیەك دەنگ بۆ ناساندنی سیاسەتی جینۆسایدی گەلی کورد لەئاستی جیهاندا و وە هەوڵدان بۆ بردنە پێشەوەی پرۆسەی دادگایی کردنی تاوانباران و نەخشەکێشەرانی، وە پشتیوانی لەو هەوڵانەی کە بۆ دادگایی کردنی تاوانبار (نەزار خەزرەجی) وە بەتایبەت (گرووپی هەوڵەکان بۆدادگایی کردنی تاوانبار نەزار خەزرەجی) و داوای دادگایی کردنی سەرانی تاوانباری ڕژێمی فاشستی عێراق.

هەروەها کەمپینی هەڵەبجە و ئەنفال لەیادی تاوانەکانی کیمیابارانی هەڵەبجە و کارەساتی ئەنفال دا لە زۆربەی وولاٌتەکان دا چالاکی جۆراوجۆری لەم پێناوەدا ئەنجام دا و بۆیەکەمین جار لە یادی جینۆسایدی گەلی کوردا نەك تەنها بە یادکردنەوە و کولاندنەوەی برینەکان، بەڵکو بە چەندین دروشمی واقعی و جێگای پشتیوانی جەماوەری کوردستان و ئازادیخوازان و مرۆڤ دۆستانی دنیا، یادی ئەم کارەساتانەی کردەوە و گوڕوتینێکی زیاتری دا بە پرۆسەی دادگایی تاوانبار خەزرەجی و ناساندنی ئەم تاوانانە بە جیهان.

وە لە ٢٠٠٢/٥/٢٣ دا کەمپین داخوازی دادگایی کردنی ( وەفیق سامەڕائی ) لە بانگەوازێك دا بلاٌوکردۆتەوە و ئێستا بەهاوکاری دڵسۆزان لە قۆناغی بەرەوپێش بردنی ئەم داخوازیەدایە.

شایەنی ئاماژە پێکردنە بۆ بەدی هێنان و پشتیوانی ئەم داخوازیانەی کەمپین، کەسوکاری قوربانیانی جینۆساید و جەماوەری گەلی کورد و چەندین حیزب و ڕێکخراو و گروپ و بلاٌوکراوە و کەسایەتی و ...هتد پشتیوانیان لە کەمپین ڕاگەیاندووە.

آ آ آ      آ آ آ      آ آ آ

کەمپینی هەڵەبجە و ئەنفال لە کۆبوونەوەی گشتی خۆیدا و بەبڕیاری زۆربەی هەڵسووڕاوانی، بڕیار درا کە بۆ ئۆرگانیزەکردنی هەڵسووڕانی کەمپین و باشتر چوونە پێشەوەی کار و چالاکیەکانی، پێویستە بەم شێوازەی ئێستای نەمێنێتەوە و بەرنامە و پەیڕەوێك بۆ خۆی لە پرۆژەیەك دا بخاتە بەردەست و تا ببێتە جێگای گفتوگۆی ئازاد و لێکۆڵینەوەی زانستی بەنیازی جێکەوتنی بەرنامە و پەیڕەوێکی دیموکراتیك، کەتێیدا دەستور کار و ئامانجەکان و پرنسیپ و ئەندامگیری و ماف و ئەرکەکانی ئەندامێتی و پێکهاتەی ڕێکخراوەیی و کێشەی دارایی و هتد ... دیاری بکرێ.

وە هەروەها لەلایەن چەند هەڵسووڕاوێکی کەمپینەوە پێشنیارکرا کە کەمپین ناوی خۆی بگۆڕێ بە (ڕێکخراوی دژی جینۆساید لە کوردستان) یان وەك کاك (دارای مەحامی) پێشنیاری کردووە بە (کواڵیسیۆنی دژی جینۆسایدی گەلی کورد).

بۆ ئەم مەبەستە کۆبوونەوەی گشتی ئەم کارەی سپارد بەچەند هەڵسووڕاوێك و ئەوانیش کاك (دارای مەحامی)یان پێشنیار کرد کە بەم ئەرکە هەستێ و ئەم پرۆژەی کە لەبەردەستایە ئامادە بکات.

بۆیە داوا لەسەرجەم دڵسۆزان دەکەین کە هەر ڕەخنە و سەرنج و پێشنیارێکیان هەیە بۆ دەوڵەمەندکردنی پرۆژەکە و باشترکردنی، تا مانگی ٩ بە ئەدرەس ئیمەیلی کەمپین بیگەیەننە دەستمان، چاوەڕوانین و سوپاسی هاوکاریتان دەکەین.

٢٠٠٢/٧/٨

hacampaing@hotmail.com

# دەستووری بنەڕەتی

## ( کوالیسیۆنی دژی جینۆسایدی گەلی کورد)

**کوالیسیۆن: ڕێخراوێکی نا حکومی یە بەبێ مەبەستی بەدەست هێنانی قازانج هەوڵی وەستاندنی پرۆسەی جینۆسایدکردنی گەلی کورد دەدات لە ڕێگەی:**

١. پێکهێنانی تێگەیشتنێکی کۆمیۆنیتیانە لەسەر پرۆسەی جینۆسایدی گەلی کورد.
٢. بەجیهان ناساندنی کردەی جینۆسایدی کوردە بەسازدانی کۆنفرانس، سیمینار، کۆبوونەوەی تایبەت بەو مەبەستە لە ئاستی جیهان دا.
٣. هەوڵدان بۆ دامەزراندنی ترایبونالێکی نێودەوڵەتی تایبەت بەو تاوانە، بۆدادگایی کردنی نەخشەگێشەران و ئەنجامدەرانی.

## ئەندامێتی لەکوالیسیۆندا:

**بوونە ئەندام لەکوالیسیۆندا ئازاد و کراوەیە بۆ هەرکەس:**

١. ئەگەر ئەهلیەتی یاسایی هەبێت بەپێی یاسا پەیڕەوکراوەکانی ئەو شوێنەی کە ئەوکەسەی لێدەژی.
٢. کاربکات بەپێی ئەو پێودانگانەی کە لە دەستوورە بنەڕتیەکەدا هاتووە.

## پێکهاتەی ڕێکخراوەیی

**کوالیسیۆن لەسێ ئۆرگانی سەرەکی پێك دێت**

**کۆبوونەوەی گشتی، کۆنسێڵی نوێنەران و کۆنسێڵی ڕێبەری**

١. کۆبوونەوەی گشتی: لە تێکڕای ئەندامانی ئامادەبووی کوالیسۆن پێك دێت
کە ئەرکەکانی بریتین لە:
أ- هەڵبژاردن یان لابردنی کۆنسێڵی نوێنەران بە دەنگ دانی گشتی و زۆربەی زۆری ئامادە بوان.
ب- بڕیاردان لەسەر ئەو کارانەی کە کۆنسێڵی نوێنەران لەخولی ئایندەی دا دەبێت جێبەجێیان بکات بە زۆربەی دەنگ.

٢. کۆنسێڵی نوێنەران: لە (١٥) ئەندام پێك دێت و ئەم ئەرکانەی هەیە:-
أ جێبەجێکردنی ئەو بڕیارانەی کە لە کۆبوونەوەی گشتی دا دراون.
ب- هەڵبژاردنی کۆنسێڵی ڕێبەری.
ج- پێکهێنانی دەستە جێبەجێ کەرەکانی وەك: ڕاگەیاندن، پەیوەندیەکان، ڕاوێژکاری و کاروباری ماڵی.

٣- کۆنسوڵی ڕێبەری: لە (٣) ئەندام پیك دێت و بۆ ڕاپەڕاندنی ئەم کارانە:
أ- نوێنەرایەتی کردنی کوالیسیۆن.
ب- جێبەجێکردنی بڕیارەکانی کۆبوونەوەی گشتی لەچوارچێوەی دەستووری بنەڕەتی و پێشنیارەکانی کۆنسوڵی نوێنەراندا.
ج- ئامادەکردنی ڕاپۆرتی تایبەت بەکار و چالاکیەکانی هەر شەش مانگ جارێك.

## دارای کوالیسیۆن:

**سەرچاوەکانی دارای کوالیسیۆن ئەمانەن:**

١- ئابوونە و یارمەتی ئەندامەکانی.

٢- كۆمەكی كەس و ڕێكخراوەكان.

٣- دەرامەتی وەدەست هاتوو لە هەڵمەتی فەند ڕێزین.

٤- دەرامەتی بڵاوكراوە و نووسینەكانی تایبەت بە كواڵیسیۆن.

## گۆڕین و هەڵوەشانەوەی كواڵیسۆن:

١- گۆڕینی بەشی یان گشتی دەستوری بنەڕەتی كواڵیسۆن دەبێت لەكۆبوونەوەی گشتی كواڵیسیۆن دا و بە زۆرینەی هەرەزۆری ئەندامانی ئامادەبێت.

٢- كواڵیسۆن بەدیهاتنی ئامانجەكەی یان بەدەنگ دانی تێكڕای ئەندامانی ئامادە لەكۆبوونەوەی گشتی دا هەڵدەوەشێتەوە.

٣- گۆڕینی ناوی یان چوونەناوی ڕێكخراوێكی دی دەبێت بەدەنگی زۆرینەی هەرەزۆری ئەندامانی ئامادەبووی كۆبوونەوەی گشتی بێت.

٤- بۆ هەریەك لەو مەبەستانەی سەرەوە كۆنسێڵی نوێنەرانی كواڵیسیۆن توانای پێشنیاركردنی كۆبوونەوەی گشتی هەیە.

٥- دوای هەڵوەشاندنەوەی كواڵیسیۆن سامانەكەی دەبێت بڕوات بۆ ڕێكخراوێك كەئامانجەكەی لەئامانجی ئەمەوە نزیكە یان بەپێی زۆربەی زۆری دەنگی ئامادەبوانی كۆبوونەوەی گشتی بڕیاری لەسەر دەدرێت.

## لەدەست دانی ئەندامێتی

### ئەندامێتی هەركەس لەكواڵیسیۆن دا تەواو ئەبێت ئەگەر:

١- بەكەسی داوای كشانەوە بكات.

٢- كارنەكات بە پێودانگە بڕیار لەسەر دراوەكانی جێگر لەدەستوری بنەڕتی كواڵیسیۆن دا.

كۆنسێڵی نوێنەران دەتوانێت ئەم كارانە بەدوای یەكدا یان بەجیا جیا بەرامبەر هەر ئەندامێك كە لە بڕگەی دووی ئەم بەشەدا باسكراوە ئەنجام بدات بە زۆربەی دەنگ.

| | |
|---|---|
| ١- ئاگاداركردنەوە | ٢- سەرزەنشت كردن |
| ٣- هەڵواسینی ئەندامێتی | ٤- لێ سەندنەوەی ئەندامێتی |

## چەند پرنسیبێكی گشتی

١- كۆنسێڵی ڕێبەری بەرپرسیاری یاسایی یە لە كردەوەكانی كواڵیسیۆن.

٢- كۆبوونەوەی گشتی ئەندامانی كواڵیسیۆن هەموو ساڵێك جارێك لەمانگی جێنیوەری دا دەبەسترێت.

٣- كۆنسۆڵی نوێنەران هەر شەش مانگ جارێك كۆبوونەوەی فراوانی خۆی دەكات سەرەتا جێنیوەری و دووەم جار لەمانگی

٤- جوندا.

٥- ئەم دەستورە بنەڕەتیە لەڕۆژی بڕیار لەسەردانیەوە لەلایەن كۆبوونەوەی دامەزراندنەوە دەست بەكار دەبێت.

٦- لەڕۆژی دەست بەكار بوونیەوە كەمپینی هەڵەبجە و ئەنفال دەبێتە بەشێك لەم كواڵیسیۆنە و بوونی جیاوازی نامێنێت.

كۆتایی

| | |
|---|---|
| دارای مەحامی | خالد خەیاتی |
| خالد جەید (كاوە سوور) | ئارێز داراپوور |